پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشتنی بەرووبوم هەتاوەکو چاک دەبن وپێدەگەن، نەهی کردووە لە کڕیار وفرۆشیار کە خۆیان تێوە بگلێنن لەم جۆرە بازرگانیە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشتنی بەرووبوم هەتاوەکو چاک دەبن وپێدەگەن، نەهی کردووە لە کڕیار وفرۆشیار کە خۆیان تێوە بگلێنن لەم جۆرە بازرگانیە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە فرۆشتنی هەر بەرووبوم هەتاوەکو چاک دەبێت وپێدەگات وبە کەڵکی خواردنی مرۆڤ دێت، نەهی کردووە لە کڕیار وفرۆشیار کە خۆیان تێوە بگلێنن لە بازرگانی بە بەرووبومێک کە چاکی وپێگەیشتووی دیار نەبێت بە تایبەت ئەگەر بەرووبومەکە بۆ خواردنی مرۆڤ بێت، وبە هەمان شێوە لەوەیە فەرموودەکە ئاماژە کردنێکی تێدا بێت بۆ نەهی کردن لە فێڵ وشاردنەوەی ڕاستیەکان لە کاتی فرۆشتنی هەر شتومەکێکدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5852